


# لەنێوە شەوێکدا بە بێ دەنگی سەری خۆم هەڵدەگرم

شارا

بەشی یەکەم

ڕۆژ دوای ڕۆژ پەرێشانتر دەبووین، کەسێکمان نەبوو بژێوی ماڵەوە لە ئەستۆ بگرێ، دایک پیر و باوک پیر، من و دوو خوشکی بچووک شەوانە لە برسانا زگی خۆمان دەگوشی، بەڵام کە ڕۆژ دادەهات هەمان تاس و حەمام بوو، کەسێک ئاوڕی لێ نەدەدایینەوە، خزمەکان خۆیان نەبوون بوون و توانای ئەوەیان نەبوو هاوکاریمان بکەن. من بەردەوام بەدوای کاردا دەگەڕام، کەسێک وەری نەدەگرتم، زۆر جاران پیاوان مرخی خۆیان لێخۆش دەکردم و دەیانویست وەکو پارووێکی چەور قوتم بدەن، هەندێک دەیانویست دەستی خۆیان بەمن بسڕنەوە، من حەسەرەتم هەڵدەکێشاو لە دەستیان ڕام دەکرد. سەرەنجام هانام بۆ بارەگای لایەنێک برد، داوام لێکردن وەکو وێژەری ڕادیۆ وەرمبگرن، بەڵام هەر لە پرسگە ڕەتیان کردمەوە. کابرای پرسگە بە پێکەنینەوە گوتی:" دەموچاوی تۆ لە وێژەری ناوەشێتەوە!" زۆرم بەسەر خۆم دا شکامەوە، ناڵێم من جوانم، بەڵام هێندە ناحەز نیم، دواتر وێژەری ڕادیۆیی چ پێوەندی بە دەموچاو هەیە،بە دڵێکی پڕ لە خەم بەرەو ماڵ گەڕامەوە، لەڕێگەدا چاوم بە تابلۆی کارگەیەکی شیرینی کەوت، ئەوکات مۆدێلی کردنەوەی کارگەی شیرینی، ساردی، پێڵاوو ڕۆن بوو، هەر بابابوو دوکانێکی بەکرێ دەگرت و کارگەیەکی بچووکی دادەنا، زۆر جاران پێڵاوەکان لەسەر بانی ماڵان دا ڕیز دەکران و لەبەر هەتاو دەبریسکانەوە!! بێ سێ و دوو لێیان وەژوور کەوتم و سڵاوم لێکردن، خاوەن کارگە کابرایێکی قەڵەوی بەتەمەن بوو، خەریک بوو بە چەمچەیەک پاقلاوەکانی لەت لەت دەکرد، بە ئاستەم سەری هەڵبڕی، بە لمۆزی وەڵامی دامەوە. دەتگوت سواڵکەر بێزاریان کردووەو تۆڵەی ئەوان لە من دەکاتەوە!! یەکێک لە شاگردەکانی لەبن چاوانیەوە زۆر نامەردانە سەیری کردم، کاتێ لە کارگەکە هاتمە دەرێ، بە دوام داهات، بانگی کردم:" ئەها کچێ لەگەرە توومە. ڕاوەستە ئیشت لەبۆ دەبینمەوە" ئاوڕێکم دایەوە. ئەو گەنجێکی کورتەباڵای قژن بوو، سەری لووتی کوترابوو، هارو هاج دیار بوو. حەزی دەکرد قسەم لەگەڵ دا بکات، بەبیانۆی کارپێکردن لە کارگەیەکی تورشی دروستکردنی خزمێکی خۆی نزیک کردەوە، کاتێک بەڵێنی پێدام کە لەوێ کارم بۆ بدۆزێتەوە، دڵم کرایەوە. ئیدی هەر ئەو ڕۆژە چوومە کارگەی تورشی دروست کردن، هەرچەندە کارەکەی قورس و ناخۆشی بوو، بەڵام رامدەکێشا، هەموومان شادو خۆشحاڵ بووین، دەستمان لە کارێک گیر ببوو، بژێوی دابین دەکردین و دەستمان لە خزم و کەسانی دیکە پان نەدەکردەوە.

ماوەیەک بوو لەو شوێنەدا کارم دەکرد. ئەو گەنجەی کە کارەکەی بۆ دۆزیبوومەوە بەبیانۆی سەردانی سەردانی خزمەکەی خۆی دەهاتە کارگە، من قەرزاری ئەو گەنجە بووم، دەمزانی دەمڕووت و بێکەلکیشە، بەڵام بە ڕووی پێدەکەنیم و قسەم لەگەڵ دا دەکرد. ئەو داڵغەی لە من دابوو، وازی لێنەدەهێنام، زوو زوو دەهاتە ئەوێ، هەوڵی دەدا زیاتر قسەم لەگەڵ دا بکات و زیاتر خۆی نزیک بکاتەوە. من ناڵێم نیازی شووکردنم نەبوو، بەڵام هەرگیز نەمدەویست شوو بەو دەمڕووتە بکەم، بۆیە هەر جارەی بە بیانۆیەکەوە خۆم لێ دەدزیەوە. خاوەن کارگەش حەزی دەکرد ئێمە یەکترمان خۆش بوێ، وەک خۆی گوتەنی دەیویست ئێمە ڕێکبکەوین. ئەو گەنجە لەمن پەڕپووت تر بوو، ئەگەر شووم پێبکردبایە بەدبەخت دەبووم، دواتر ماڵەوەمان بێ نانبدەر دەمانەوە. لەو سەرو بەندەدا پیاوێکی بەتەمەنی خاوەن ژن هاتە خوازبێنیم، خوا هەڵناگرێ دایک و باوکم بەر لە من ڕەتیان کردەوە. ئەو گەنجە کاتێ زانی خوازبێنیم هاتووە، ئاگری تێبەربوو، حەجمانی لێ هەڵگیرابوو، دەهاتە کارگە و سەردانی دەکردم، ئێواران بە دەوری ماڵمان دا دەسوڕایەوە. کورد گوتەنی وازی نەدەهێنا. ناچار لای دایکم باسم کرد، دایکم بڕیارەکەی بۆ خۆم گێڕایەوە. من نەمدەتوانی شووی پێ بکەم، بەڵام نەشمدەوێرا بە ڕەقی قسەی لەگەڵ دا بکەم، دەترسام خاوەن کارگە دەرم بکات و نان بڕاو ببین. باوکم پیر بوو، بەڵام پەرۆشی بنەماڵەکەی بوو، بەردەوام ئامۆژگاری دەکردین، ئەو ئاگای لەوە نەبوو کە گەنجەکە تەنگی پێهەڵچنیووم، بەڵام چونکە ئەمنیش گەنج بووم، ئیدی جار جارە بانگی دەکردم و ڕێنوێنی دەکردم. دەیویست ژیرانە ڕەفتار بکەم و پارێزگاری لە شەرەف و ناموسی بنەماڵە دا بکەم. سەرەنجام کاتێ زانیان لەگەڵی ڕێک ناکەوم، دەریان کردم. ئیدی جارێکی دیکەش کەوتینەوە زگ گوشین.



بۆ ژیاندنی خێزانەکەم هەراسان بووم، وەک شێت و هار بە دوای کارکردن دا دەگەڕام. لە شوێنێک ڕەتیان دەکردمەوە بۆشوێنێکی دیکە دەڕۆیشتم. لە ماوەی ساڵێک دا دوو سێ کاری دیکەم پەیدا کردن و وازم لێهێنان، نازانم بۆچێ ئەوانەی من دەچوومە لایان و کارم بۆ دەکردم هێندە چاو چنۆک و برسی بوون! دەیانویست لەسەر کەس باز نەدەن. ئەو کچەی بۆیان دەستەمۆ نەکرابایە، یان دەریان دەکرد یان ڕیسوایان دەکردو ناوناتۆرەیان بۆ دەدۆزیەوە. ئەوەی خۆیشی بۆ شل بکربان، ئیدی بۆی دەبوون بە خاک و خۆڵ!

من لەنێو ئەو جیهانە دا هەڵم نەدەکرد، نەمدەویست ببم بە نێچیری دەستی پیاوە برسی و چاوچنۆکەکان، کاریش پەیدا نەدەبوو، بیرم لەوە کردەوە کە سەری خۆم هەڵبگرم و بڕۆم. من لەوە دەترسام ناووناتۆرەی ڕەدوکەوتن بدەنە پاڵم و خێزانەکەمان پێی سەرشۆڕ ببن. شەوانە کە خوشکەکانم خەویان لێدەکەوت، من لەنێو خەیاڵات و لێکدانەوەکان دا ڕام دەکرد و بە دوای ڕێگە چارەیەک دا دەگەڕام. من تامەزرۆیانە بەدوای بژێوی خۆم و خێزانەکەمان دا دەگەڕام، کون و قوژبنی هزرم تەی دەکرد، ناکام دەمامەوەو سەری خۆم لە سەنگ دەدا. هەناسە سارد دەخزامەوە نێو نوێنە ساردو سڕەکەمدا.

ئەو ڕۆژانە دەنگۆی هەڵاتنی کچان بۆ شاخ دەبیسترا، لێرەو لەوێ باسی ئەوە دەکرا کە کچی فڵانە کەس بۆتە گەریلاو ناگەڕێتەوە. دەمانبیست کە فڵانە کوڕ سەری خۆی بۆ هەندەران هەڵگرتووەو ملی ڕێگەی هات و نەهات گرتۆتەبەر. دەبیسترا کە فڵانە کەس لە شەڕی نێوەخۆدا کوژراوەو بنەماڵەکەی ڕەشپۆش و پرسەدار کردووە. منیش دەمویست یەکێ لەو ڕێگەیانە هەڵبژێرم.

من لەنێوان بوونە گەریلایی و ڕۆیشتن بەرەو هەندەران تیا مابووم. ئێمە نەک پارەی ئەوەمان نەبوو پێی بگەمە هەندەران، بەڵکو مەمرەو مەژی بەڕێمان دەکرد. ڕاستیەکەشی حەزم نە دەکرد ببمە گەریلا، من ڕقم لە چەک و لە مرۆڤ کوشتن دەبۆوە، ئێستاش باوەڕم وایە، خەبات و تێکۆشان ئەرکی هەر تاکێکی کۆمەڵگەیە بەڵام تێکۆشان تەنیا چەکهەڵگرتن و چوونە شاخ نیە. خەبات و تێکۆشان شێوازی جۆراوجۆری هەیە. من بەخێوکردنی دایک و باوک و خوشکەکانم بە گەورەترین ئەرکی نەتەوەیی دەزانی. هەوڵ و تێکۆشانی من بۆ ئەوەبوو چوار کەسی برسی لە مردن ڕزگار بکەم، نایشارمەوە هەندێ جار دەهاتە سەرم شوو بە پیاوێکی پیر بکەم و ژیانی خۆم و ئەوانیش مسۆگەر بکەم، بەڵام دوایی ژیوان دەبوومەوە. ئەوەم بە لەشفرۆشی دەچوواند و قێزم لێدەکردەوە. لەو ماوەیەدا ناسیاوێکمان باسی کارکردنی لە دەرەوەی وڵات بۆ کردم، ئەو گوتی{ کەسانێک هەن خەڵک بۆ تورکیاو ئێران دەبەن و کاریان بۆ دەدۆزنەوە} من باوەڕم پێنەکرد، بەڵام بەدوای داچووم. سەرەنجام بەهۆی ئەو ناسیاوەمانەوە یەکێکم دۆزیەوە کە لەگەڵ ئەو باندەدا کاری دەکرد. ئەو مرۆڤێکی قسەخۆش و ڕەوشت بەرز بوو، زۆر برایانە ئامۆژگاری کردم و گوتی{ ئەمە بۆ کچان باش نییە، گرفت و دەردەسەری بەدواوە دێ} ئەو دڵگەرمی نەدەکردم، کارەکەی لەبەرچاوم گرانتر دەکرد و دەیترساندم، بەڵام منی برسی پێداگریم لەسەر دا دەکرد، خۆزگەم بەو ڕۆژە دەخواست کە دەستم لە کارێک گیر ببێ. ئەو نەیدەزانی من پەرۆشی کار کردنم، ئەو وای دەزانی مەبەستم ئەوەیە لەبەرچاوان ون ببم و بە دوای هەوەسی خۆم بکەوم، ئاخر ناهەق نەبوو، من هێشتا سی ساڵەم تەواو نەکردبوو. من بەرنامەڕێژیم کرد، بۆ سەفەرێکی نادیار خۆم ئامادە کرد، بۆ ئەوەش ڕێم لەبەر دایکم هەڵە دەکرد و باسی بوونە گەریلاییم بۆ دەکرد، ئیتر شەوێک بەدزی هەمووانەوە سەری خۆم هەڵگرت و ڕۆیشتم. نامەیەکم لە دوای خۆمەوە بەجێهێشت، تێیدا نووسیبووم "ماڵئاوا من بوومە گەریلا "

# ژن لەدیدی خێڵەوە

حەمەفەریق حەسەن

لەکن مرۆڤی خێڵەکی ژن بێجگە لەوەی یەکێکە لە پیویستییەکانی پیاو، بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی هیچی دیکە نییە! واتە ژن لەخۆیدا هۆیەو ئامانج نییە. چونکە ئەم کەرەستەیە، ئەگەر باش ئاگای لێی نەبێ و چاودێریی نەکات. ئەگەری ئەوە لەگۆڕێیە تووشی شانکورتیی بکات و عەیبەی بهێنێتە سەر. واتە مێینە هەردەم خاڵی لاوازی نێرینەکانە. بەڵام بەسەرێکی دی ئەگەر ژن نەبێ، پیاو ناتوانێ پراکتیزەی نێرایەتیی خۆی بکات.

لە یاسای خێڵدا ژن بەشێکە لە کەلوپەلی پیاو. یان بەگشتی دەبێتە موڵکی مێردو باب و براکانی. واتە مێ ناتوانێ تاکایەتی و تایبەتمەندییەکانی خۆی بەگوێرەی دڵی خۆی تێر بکاو بەهەند بگرێ. نێرەکان حوکم لەوردو درشتی ژیانیدا دەکەن. دەکرێ سەرخێڵێک بڵێ: من هەزار سەر مەڕو پەنجا تفەنگی برنەوو هەزار دۆنم زەویی بەرواوو چوار لاندکرۆزو (سێ ژن)م هەیە! چونکە ژنیش وەک هەموو ئەو فیگەرو کاڵایانەی لەسەرەوە ناومهێنان بەرهەمی هەیە. واتە شانبەشانی پیاو لەکشتوکاڵ و تاقەتکردنی مەڕوماڵات و... هتد. بەرهەمەکانیشی بۆ خۆی نین. چونکە ئەو ناتوانی تەسەڕوفیان پێوەبکات بەڵکو ئەوەی ژن بەرهەمی دێنێ دەبێتە بەشێک لە ئابووریی پیاوەکەی. بۆیە دیاردەی فرەژنی، بەرهەمی ئابووریی پیاوی پێ هەڵدەکشێ.

دەکرێ بڵێین لە جڤاتی خێڵەکیدا نیوە نێرەکەی کۆمەڵ نیوە مێیەکەی دەچەوسێنێتەوەو لەبوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕووناکبیریدا، بەتەواویی فرێیداوەتە دەرەوەی مێژوو، واتە مێ ئامادەبوونێکی کاریگەری ئەوتۆی نییە. بەم پێیە کۆمەڵگەی خێڵ چەق دەبەستێ؛ چونکە لەسەر یەک لاق بەڕێوەدەچێ.

ژن وەک لە ئابووریی خێزاندا خاوەنی هیچ نییە. هیچ نەخش و بڕیارێکیشی بەدەست نییە. وەک پیاوی خێڵەکی خۆیان دەڵێن: ((پرسی پێبکە بەڵام بەقسەی مەکە!)) ئەسڵەن پیاوی خێڵەکی لەلای نەنگە لەکۆڕو کۆمەڵدا ((ناو)) ی ژنەکەشی بهێنێ. وەک ئەوەی ناوەکەشی هەر عەورەت بێ! ئەو لەبریی ئەوەی نێوی هاوسەری ژیانی بهێنێ، وشەی ژنەکەم، خێزانەکەم، کەیبانۆکەم، دایکی منداڵەکان، حورمێ ... بەکاردێنێ. بەگشتی پیاوی خێڵەکی، بۆ گوزارشت لە ڕەگەزی مێ، وشەی ((زەعیفە)) ی لەسەر زارە، کە بەهۆی هاوماڵی و هاوئۆلییەوە لە کلتووری عارەبەوە ئەم ((وشە)) یەی بۆ ماوەتەوەو دواتر بۆتە بەشێک لەکتووری پیاوسالاریمان.

هەمیشە پیاو لەچەقدایەو مێ لەپەراوێزدا. مێ بۆ جوانی و سێکس و تەماشاکردنی مێردەکەیەتی و بۆ وەچە خستنەوەو تاقەتکردنی ماڵات و ماڵدارییە. بۆ تەونگەری و ڕستن و چنین و کڵ نانەوە (گۆزەگەریی) و مەشکە و مەڵان و چیغ و ڕەشماڵ دروستکردنە.. ئەوەتا یەک لەباری (وەفایی) شاعیریش، (شیرین) ی بە دەستپێچکی خوری و تەشی ڕستنەوە پێ جوان ڕەوایە ( شیرین تەشی دەڕێسێ!)

لەهەموو ئەم کارانەی پێشتر باسمان کردن سەختتر ئاوکێشانە، لەکانی و کارێزەکانەوە بۆ چێشت لێنان و خواردنەوە، بەهۆی (کوندە) وە. ژنان دەبێ کوندە ئاوەکان بخەنە سەر سمت و پشتیان و لەسەرچاوەی ئاوەکەوە بیگەیێننە خێوەت یان ماڵەکانیان. ئەم کارە هەتا بڵێی تاقەتپڕووکێنەو دەبێتە هۆی تووشبوونیان بە نەخۆشییەکانی پشت. بەشێکیان هێمان گەنجن گێڕو گەوێر دەبن. جێی باسە پیاو لەم کارەدا هەرگێز هاوکارییان ناکەن. چونکە بەلای پیاوانی خێڵەوە ئاوکێشان کارێکی ژنانەیە. ئەو پیاوەشی بە سەتڵ و گۆزەو کوندە ئاوەوە ببینرێ ئەوا لەکن کوڕوکاڵی خێڵ و گوند دەبێتە گاڵتەجاڕو بابەتی پێڕابواردن و هەرچی ڕێز هەبێ نایمێنێ.

لەماوەی ئەمساڵدا (2006) لەکەناڵی کوردسات تیڤییەوە، بەچاوی خۆم فیلمێکی دیکۆمەنتارم لەمەڕ ژیانی ڕەوەندی ئەم ڕۆژگارەی کوردستانی خۆرهەڵات بینی. لەو فیلمەدا، کە هەر لەخۆرهەڵات بەرهەمهێنرابوو، خورتێک دەستووری ڕۆژی زاوایەتی، خۆی گۆڕیبوو. دایکی (یان خوشک و براژن...) بە هەزاربەهەزاری کێوێکەوە دابووە پێش خۆی، هەتا گەیاندییە چاڵ و باپێچێک، کە بەفری زستانی ڕابردووی تێدامابوو. خورتەکە کێڵەبەفرێکی زەلامی دابە سەرپشتی داکیدا و دیسانەوە بەو ئەستەمە ترسناکەدا دایەوە پێش، هەتا گەیاندییەوە ڕەشماڵەکەیان. بۆخۆی دەوری کاروانچی و دایکی ڕۆڵی بارگیری دەبینی.

**وێنەی ژاکاوی ژن لە پەندی کوردیدا:**

زۆربەی پەندەکان دانراوی کوڕانی خێڵن؛ بۆیە بەچاکەی پیاو شکاونەتەوە. دیارە هەندێکیان تاقیکراوەو ئەزموونی ژیان کردوونی بەپەند. حیکمەت و فەلسەفەیان تێدایە و تاکو نهۆش خەڵک بڕوای پێیان هەیە. بەڵام هەندێکیشیان لەگەڵ بەرەوپێش چوونی مێژوودا بایەخی خۆیان لەدەست داوەو ناتوانن لەگەڵ ئەمڕۆدا ڕێبکەن. پیاو بۆ بەژەوەندیی تایبەتی و باڵادەستیی خۆی لە ماڵ و کۆمەڵی باوکسالاردا وتوونی و ڕۆیناون.

پەندە کوردییە سەقەتەکە دەڵێ: (( ژنێکم دەوێ ژنانە، پێستە بکا بەهەمانە!)) یان (( ژن و ماڵیان وتووە!)) واتە ژن گەرەکە لە سنوورو چوردیواری ماڵدا دەستڕەنگین بێ. بەواتایەکی دی کاری دەرەوە بۆ پیاوو ماڵداریی بۆ ژن.. وێڕای ئەوەی ئەم پەندانە دەست لەسەر کاری ژنان دادەگرن، جەختیش لەسەر ئەوە دەکەن، کە ژن گرێدراوی ماڵەوەیەو سەربەستییەکی سنووورداری پێ ڕەوایە. لە لایەکی دیکەوە پیاو بۆیە سەردارو سەروەرە چونکە وێڕای ئەوەی خاوەنی ئەسپ و مەڕوماڵات و زەوییە، دەشتوانێ سامان و داهاتی خێزان لە مەترسی تاڵان و بڕۆ بپارێزی..

ئەم پەندەش، کە دەڵێ: (( کوڕ تاڵان گێڕەوەیە و کچ تاڵانبەر! )) تەواو بۆنی خێڵ و مێنتەلیتی ڕەشماڵی لێوەدێ. وەک حەزرەتی شێخ محەمەدی خاڵ لە کتێبی پەندی پێشینان‌دا لێکیداوەتەوە، مەبەستی لەوەیە: کوڕ بۆ خۆی دەبات بەڵام کچ بۆ مێردەکەیەتی. جگەلەوەی کچ ناتوانی تاڵانی گل بداتەوە. ئەم پەندە، جەختیش لەسەر ترش و تاڵانی وەک یەکێک لە دەرامەتەکانی خێڵ دەکات و بەکارێکی پەسەندی دەزانێ. لە پەندێکی دیکەی خێڵەکیدا هاتووە: ((کێرێ لە دەرپێی خۆتا نەبی خوا بیبڕێ!))، کە مەبەستی پێ ئەوەیە: کچ شایانی ئەوە نییە دایک و باب پێوەی بنازن.

ئێمە لە زۆر جێدا بۆ سەلماندنی ڕاکانمان لەهەمبەر خێڵدا پەنامان بۆ پەندی پێشینان بردووە، چونکە لە جڤاتی بێیاسادا، هێز پارسەنگی یاسایە. بیرت بێ ئێمە باس لەجڤاکێک دەکەین ئێستاشی لەگەڵدابی کێشەکان، تا دەگەنە تاوانی کوشتن و بڕین لە ڕێگەی خێڵەوە چارەسەر دەکرێن و یاسا لە ئاستیاندا دەستەوستانە. لە کۆمەڵگەیەکی وەک خێڵدا، کە دەستی یاسا تێیدا کورتە، پەند وەک یاسایەکی نەنووسراوە. (( هەندێ جاران پەند لە کۆمەڵگەی خێڵەکیی وەک کوردەواریدا مینا - یاسا - کێشەیەکی یەکلایی کردۆتەوە. لە ئاستی ئەو پەندەدا، کە تاقیکراوەو پوختەی ئەزموونی خەڵکەو لە ڕستەیەکی چڕدا داڕێژراوە، ئاو ڕاوەستاوەو خەڵک ملیان لە موو باریکترە بووە .

(( ژن بێباوەڕیشە و خۆشباوەڕیشە))

وەک شێخی خاڵ لێکیداوەتەوە بەو مانایە دێ: زۆر بێباوەڕە بە پیاو، بەڵام زووش دەخەڵەتی.. هەروەها پەندێکی دیکەی وەک: ((ژن کە نەتوانێ تۆڵە بسێنێ، وەک منداڵ دەگری.)) مەبەستی پێ ئەوەیە گریان چەکی بێدەستەڵاتانەو ژنیش بێدەستەڵاتە، لە تەنگانەدا تەنیا گریانی لەدەست دێ. ئەم پەندەش، کە دەڵێ: (( ژن یا بە هەمانەیەک پارە، یا بە هەمانەیەک درۆ.)) وەک شێخی خاڵ لێکیداوەتەوە، مەبەستی پێ ئەوەیە: ژن بە پارەی زۆر شوودەکات، ئەنجا یان هەمانەیەک پارەی بۆ هەڵڕێژە، یاخود هەمانەیەک درۆ.. بەڵام لەهەمبەر ئەو پیاوانەدا، کە لەبەر خاتری هەمانەیەک پارە ژنێک مارەدەکەن دوو تەمەنی خۆیان هەیە، پەندێکی ئەوتۆ گومان نابەم.

لە کتێبی (پەندی کوردی)ی عومەر شێخ اللە دا، کە زیاتر پەندەکانی دەشتی دزەیی لەخۆ گرتووە و ئاوێنەی جیهانبینی و هزری خێڵەکانی ئەو دەڤەرەیە، وێنەی ژن لێرەشدا لە ناوچەو خێڵەکانی دیکە باشتر نییە. ئێوە سەرنج لەم پەندە بدەن: ((ژن نۆهەت و نۆ ئۆینی شاردیتەوە، یەکی ئاشکرایە.)) لە ڕاستیدا ئەم پەندە زیرەکی ژن دەردەخا. چونکە ئۆین زانین ئاکارێکی ئەرێتییە، کەچی کوڕانی خێڵ بە نەرێتی بۆیان حساب کردووە. ژن، کە ((سەد ئۆین)) واتە گەمەو فێڵ یانژی مەکر بزانێ و یەکێکی دەربخا، دیارە ئەوانی دیکەی بۆ کاتی تەنگانە و لێقەومان هەڵگرتووە، ئیدی بۆچی دەبێ (ناقیسول عەقڵ) بێ؟ خۆ لە قورئاندا مەکرزانین وەک سیفەتێکی خواوەندانە باسکراوە!

لە پەندێکی دیکەی هەمان کتێبدا هاتووە: ((ژن و ڕێوی یەک تەبیعاتن.)) ئەم پەندەو ئەوەی پێشوو، لە ڕووی ماناو مەبەستەوە لەیەکەوە نزیکن. چونکە پەندەکە ژنی بە (ڕێوی) چواندووە، بەو حسابەی گیاندارێکی فێڵبازە. گوایە خاوەن پەند بەوەی ژنی بەڕێوی چواندووە؛ ویستوویەتی لە ئاستی ئینسانی و کۆمەڵایەتی ژن دابەزێنی. بەڵام لە ڕاستیدا ڕێوی گیاندارێکی زیرەکەو لەچاو گیاندارانی دیکەدا چاکتر دەتوانێ خۆی لەداوو دەهۆی مرۆڤ ڕزگار بکات. ئەمەش دیسان ئاکارێکی ئەرێتییە، ئەگەرچی پەندەکە بە نیازی نەرێتییانە داڕێژراوە.

ژن بۆ ئەوە دەست نادات و ڕایەکی ناکەوێ سەرخێڵ بێ. چونکە بەپێی فەرهەنگی خێڵ ئەو لێیناوەشێتەوە سەرکردە و پێشەنگ بێ. پەندە خێڵەکییەکەش دەڵێ: (ژنیان کرد بە کوێخا، ساڵی حەوت جار بزنی برییەوە!) کەچی مێژووی کورد پێمان دەڵێ، ژنی کورد نەک هەر کوێخایەتی، بەڵکو بە سەرکەوتوویی میرایەتیشی کردووە.. ئەم گوتانەی لای خوارەوەش سەر بەچەند شێوەزارێکی زمانی کوردین: ( ژنانی ، ژنانیلە ، سەرژنانی، سەرژنانیلە، سەرژنانە، بەربووک، بەلەکناچێ، خلەکچانی، ژەنانە، سەرەژەنانی، حەمەکچێ، شەکلە...) هەر هەموویان پیاو بەژن دەچووێنن. هەموشیان بۆ داشکاندنی ڕێزو جەوهەری پیاون، چونکە ئاکاریان لە ئاکاری ژن دەچێ. وێڕای ئەوەی ئەمجۆرە قسانە دەیسەلمێنن، کە زمانی کوردیش هەر بەلای ژندا دایدەشکێنێ.

ئەگەرچی لە مێژووی گەلی خۆماندا نموونەی ئافرەتی ئازاو گیانفیدا هەن و زۆریشن، ئاماژەیان پێبدرێ، کەچی بەلای مرۆڤی خێڵەکییەوە ژن بەرەنگاری و کەڵەوەکێشی پێناکرێ. ئەو هەرکاتێ دووچاری تەنگانەو تەنگژە هات، لە گریان و خۆ ڕنینەوەو نزاو پاڕانەوەو سینگ کوتان بەولاوە هیچی دیکەی لە دەست نایەت. لەم ڕووەوە زۆر وتە هەن وەک:(وەک ژن زووڕە زووڕ دەگری، مەگری خۆ تۆ ژن نیت! چەکی ژنان گریانە) کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە، گریان لە خۆیدا سیفەتێکی ئینسانییە بە نێرو مێیەوە، بەگەورەو بچووکییەوە.

ژن دەبێ بەرگەی هەموو بۆڵەبۆڵێکی مێرد وکەس و کاری مێردەکەشی بگرێ. تەنانەت ئەگەر مێردەکەی لێشی بدات ئەو نابێ ماڵەکەی جێبێڵێ، زۆربەی ژنانی خێڵیش پێیان وایە کە ژن دەبێ بەرگەی نۆشینی تاڵاوی ژیان بگرێ، ماڵەکەی چۆڵنەکات و بیگوزەرێنێ ، چونکە پەندەکە دەڵێ: (( ژن بەتۆران سووک دەبێ!))

توندو تیژی و زەبر پیشاندان بەرانبەر بەژن لەکۆمەڵگەی خێڵەکیدا مایەی شانازییە. پێچەوانەکەشی، واتە ڕێزگرتن لە ژن و نەرمی نواندن و دڵسۆزیی بۆ تاکژنی و بەیەکسانی بۆ ڕوانینی لەگەڵ پیاودا دەبێتە مایەی دابەزینی ڕێزی پیاو لە نێوان پیاوانی خێڵدا. خێڵ وەک لەسەرەوە هەندێکیمان خستەڕوو بۆ ناوزڕاندی مێ و هەم ئەو پیاوانەشی ڕێز لەژن و مافەکانی ژن دەگرن، واژەی (( حیزە پیاو))و دەیان زاراوەی حازربەدەستی پێیە. ئەوان بڕوایان بە یەکسانی و ئالیکاریی تەواوی نێوان ژن و پیاو نییە.

هەروەک چۆن خوشک و برا لە پێگەو ڕێگەدا جیاوازن، برازاو خوشکەزاش هەمان دەستوور. چونکە بە حسابی مرۆڤی خێڵەکی، خوشکەزا ناتوانێ وەک برازا ببێتە پشت. چونکە یەک بەرەباب و یەک خوێن نین.. پەندەکەش دەڵێ: ((برا لەپشت برا بێ مەگەر قەزا لەلای خودا بێ!)) خوشک وەک پشت و پەنا لە کوولەکەی تەریشدا ناوی نەهاتووە. بەڵکو لە هەندێ ناوچەدا بە خوشکەزا دەڵێن: (( خوارزا)) سەرنج بدە چلۆن بە قودرەتی ئەقڵی ڕەشماڵ ((خوشک)) بووە بە ((خوار))! ئایا ئەمە مانای ئەوە ناگەیێنێ، کە پلەو پایەی خوشکەزا لە ((خوار)) برازاوەیە، هەروەک چۆن خوشک لە ((خوار)) براوەیە؟

**سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان**